فایلێك بۆ دۆزی ئەنفال

# ساڵی 2004 پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیەکان شکایەتی لە دژی فرانس فان ئانرات تۆمار کرد..

بەشی سێ

ئامادەکردنی: ڤینۆس فایەق

لە ناو دادگای پیاچوونەوەی هۆڵەندیەوە لە شاری دانهاخ لە هۆڵەندا

تێبینی: ئەم بابەتە رۆژی 15ی ئەپریلی 2007 لە ژمارە 183دا بلاْوبۆتەوە

دانیشتنەکەی رۆژی چوارشەممە 11ی ئەپریلی 2007 لە هۆڵی دادگای پیاچوونەوەی هۆڵەندی لە شاری دانهاخ لە هۆڵەندا ، بۆ پیاچوونەوەی سزاکەی فرانس فان ئانرات ، سەعات 10ی سەر لە بەیانی دەستی پێکرد و هەتا سەعات شەشی سەر لە ئێوارەی خایاند.. دانشیتنەکە تەرخانکرا بۆ خوێندنەوەی دەقی نووسراوەکەی ئیدیعای گشتی کە پێکهاتبوو لە 128 لاپەڕە ، و تیایدا ئاماژەی بە تاوانی جینۆساید بە گشتی و پێناسەکانی و و جۆرەکانی.. هەروەها ئاماژەی بە هەموو ئەو یاسایانەدا کە تاوانەکانی جینۆساید قەدەغە دەکات..

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا فلیمێکی کورتی تری دۆکومێنتار سەبارەت بە تاوانەکانی ئەنفال نمایشکرا ، کە یەکێ لە تەلەفزیۆنەکانی هۆڵەندا بەرهەمی هێنابوو..

لە پەراوێزی دانیشتنەکاندا چاوم کەوت بە ژمارەیەك لە شایەتەکانی لە شاری سەردەشتی خۆرهەلاْتی کوردستانەوە هاتبوون بۆ هۆڵەندا بۆ ئەوەی شایەتی تاوانی کیمیابارانی شاری سەردەشت و گەواهی ئەوەی کەوا ئەو چەکی کیمیاییەی رژێمی عێراق ئەو ساڵانە بەکاری هێنا بۆ بۆردومانکردنی شارەکانی باشوور و خۆرهەلاْتی کوردستان راستەوخۆ لەو ماددانە دروستی کردبوون کە (فرانس فان ئانرات)ی تاوانبار پێ فرۆشتبوون بدەن..

هەروەها ئەوەی جێی باسە هەر لەو دانیشتنەدا (فرانس فان ئانرات) دانی بەوەدا نا کە ئەو نامەیەی کە ساڵی 1990 ئاڕاستەی سەددامی کردووە و بە شان باڵیدا هەڵدەدات و داوای ماڤی نیشتەجێبوونی لێدەکات نا..

هەر لەو دانیشتنەشدا کۆمەڵێکی تر دۆکومێنتی تر خرانە روو کە راستەوخۆ باس لەو تاوانە گەورەیە دەکات و ئەوە دوویات ئەکاتەوە کە ئانرات ئەو کاتە راستەوخۆ پەیوەندی بە خودی سەددامەوە بووە و ئەو ماددانەی پێفرۆشتووە کە دواتر بەکاری هێناوە بۆ دروستکردنی چەکی بەکۆمەڵکوژ و لە دژی میللەتی کورد بەکاری هێناوە..

هەروەها بە نیسبەت ئەو دۆکومێنتەی لە دانیشتنەکەی رۆژی 4ی ئەپریل 2007 پارێزەرەکانی ئانرات

پێشکەشیان کرد ، کە گوایا ئەو ماددەی TDGیەی فرۆشراوە بە سەددام ئەو ساڵانە بەریتانیا فرۆشتوویەتی ، بۆ ئەو مەبەستەش دادگای پیاچوونەوەی هۆڵەندی پەیوەندی کردووە بە لایەنە بەرپرسەکانی وڵاتی بەریتانیاوەو دەرکەوتووە کەوا راستە ئەوانیش لەو ماددەیەیان فرۆشتووە بە رژێمی سەددام ، بەڵام ئەوان تەنها 56 تەنیان پێفرۆشتووە ، لە کاتێکدا فرانس فان ئانرات بەتەنها خۆی 11000 یازدە هەزار تەنی پێفرۆشتووە ، و ئەو برەی ئەو پێی فرۆشتووە راستەوخۆ بەکاریهێناوە بۆ دروستکردنی گازی خەردەل و گازی ئەعساب و سیانید کە شاری هەڵەبجە و شارەکانی تری کوردستانی پێ بۆردومان کردووە..

لە پشوویەکی دانشتنەکەدا کە زیاد لە هەشت سەهاتی خایاند ، چاوم کەوت بە شایەتەکان و سەبارەت بە سەرەتاکانی پەیوەندی کردنیان بە دادگای هۆڵەندیەوە هەموو گێڕایانەوە ، گوایا لە سەردانی ژمارەیەکیاندا دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ هۆڵەندا بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسێك ، لەتەلەفزیۆن بۆ یەکەم جار کە هەواڵ و وێنەی فرانس فان ئانرات بلاّو دەبێتەوە و هاوکات ئەوان لەوێ دەبن ، بۆ بەیانی بە هاوکاری پۆلیسی هۆڵەندی و هەروەها رێکخراوی (چاك) پەیوەندی دەکەن بە پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە ،

شایانی باسە شاری سەردەشت ساڵی 1366ی هەتاوی ، 1987ی زایینی ، لەلایەن فرۆکەی سەربازی رژێمی عێراقیەوە بە گازی کیمیایی بۆمباباران کرا ، کە نزیکەی 8000 نەفەرێك بریندار لێکەوتەوە و 130ی نەفەری شەهیدبوون ، ئیستاش خەڵکێکی زۆر نارەحەتن و کێشەیان هەیە لەگەڵ ئاسەواری جەستەیی و دەروونی کە ئەو بۆمبابارانە بەجێیهێشتووە لەسەریان..

ئیدی چونکە ئەوان خۆیان بۆ کۆنفرانسی ساڵانەی یادکردنەوەی ئەو تاوانانە هاتبوون ، ئەوەبوو دۆکومێنت و فلیم و وێنەیان پێبوو ، هەموویان پێشکەشی پۆلیسی ئینتەرپۆل کرد ، پاشان کە گەڕانەوە بۆ ئێران لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە مۆڵەتیان پێدرا ئەو کارە بکەن.

دوای چوار مانگ لێپرسراوێکی هۆڵەندی لەگەڵ دەستەیەکی دادوەری هۆڵەندیدا چوونە شاری سەردەشت و سەردانیان کردن ، جگە لە (واڵتەر بایك)ی شایەتی خەبیر ، بەخۆشی هاتە شاری سەردەشت ، بۆ ئەوەی لەو قسانە بکۆڵێتەوە کە کرابوو لە هۆڵەندا لەلای پۆلیسی ئینتەرپۆل ، تا بزانێت قسەکان دروستن یان نا..{بۆ وەبیرهێنانەوە: واڵتەر دایك ، ئەو تایبەتمەندە سەربازیەی چەکی کیمیاییە کە لە بەشی یەکەمی ئەم فایلەدا ئاماژەکان پێدا ، کە لە دانیشتنی یەکەمی دادگای پیاچوونەوەی هۆڵەندی رۆژی 4ی ئەپریلی 2007 بانگهێشت کرا بۆ بەردەم دادگا بۆ پێشکەشکردنی شایەتی ، ئەوەبوو ئەویش جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کەوا ئەو هەموو ماددەی TDGی کەفرانس فان ئانرات فرۆشتوویەتی بە رژێمی سەددام ئەوەیە کە بەکاری هێناوە بۆ دروستکردنی گازی ئەعساب و خەردەل و شار و شارۆچکە کوردیەکانی کوردستانی پێ کیمیاباران کردووە و بەتایبەت ناوی شاری هەڵەبجەی برد. "نووسەری ریپۆرتاژ"} ، ئەو کاتە (واڵتەر دایك) لەگەڵ چەند پسپۆڕ و شارەزایەکی تری بواری چەکی کیمیایی چووە سەردەشت ، ئەو دەمە لێکۆڵینەوەی وردی خۆیان کرد و بۆیان دەرکەوت ئەوان راست دەکەن ، و ئیدی پەیمانیان دا هاریکاری تەواو بکەن.. شایەنی

باسە هاتووچۆکانیشمان هەمووی حکومەتر ئێران خەرجی دەکێشێت..

هەروەها لە پەراوێزی دانیشتنەکەدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵ پارێزەری قوربانیەکان کە ناوی خاتوو (لیسبێت زێخفێڵد)ە دانیشتم و وتووێژێکی زۆر کورتم لەگەڵ کرد ، دەربارەی سەرەتای دەسکردنی بە داکۆکی کردن لە قوربانیەکانی تاوانەکانی ئەنفال وەڵامی دامەوە وتی: ساڵی 2004 لەگەڵ کەسوکاری قوربانیەکان و پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی چووین و شکایەتمان تۆمار کرد لە دژی فرانس فان ئانرات بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید ئەویش بە فرۆشتنی ئەو ماددەیەی راستەوخۆ سەددام بەکاری هێناوە بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی و شارەی هەڵەبجە و شارەکانی تری کوردستانی پێ بۆردومان کردووە ، و لە شکایەتەکەدا (فرانس فان ئانرات)مان بە تاوانباری جەنگ ناوبردووە ، ئیدی ئەو دەمە پێکەوە ئەو دۆزەمان دەستپێکرد..

ك.ر.: ئەی بیرتان لە سەردانی کوردستان نەکردۆتەوە؟

لیسبێت: هەتا ئیستا نەچووین ، بەڵام بەنیازین سەردان بکەین..

ك.ر.: ئەی پەیوەندیتان بە دادگاکەی بەغداوە هەیە؟

لیسبێت: لە ڕێی کلانتەکانم لە کۆمیتەی هەڵەبجە ، پەیوەندیم هەیە بە دادگاکەی بەغداوە.

ك.ر.: ئەی لەگەڵ وەزارەتی ئەنفال یان هەر ڕێکخراوێکی تایبەت بە قوربانیەکانی ئەنفالەوە لە کوردستان ، هیچ پەیوەندیەکتان هەیە ، بۆ دەسکەوتنی دۆکومێنت؟

لیسبێت: ئەوەش هەر لە ڕێی کلانتەکانم ئەوانەی ئەندامن لە کۆمیتەی هەڵەبجە ، زۆر دۆکومێنتی راستەقینەم سەبارەت بە تاوانەکانی ئەنفال لەو لایەنانەوە بەدەست گەیشتووە ، هەروەها ئەم دۆزەشمان برۆتە ناو نیابەی گشتیەوە لە کوردستان.

ك.ر.: ئەی باوەڕت وایە فان ئانرات تەنها تاوانبار بێت لە هۆڵەندا کە دەستی هەیە لەو تاوانەدا و ئەو ماددانەی بە سەددام فرۆشتووە؟

لیسبێت: بە بێ هیچ گومانێك ، زۆر لایەن و کەسایەتی و کۆمپانیای تر هەن ، چ لە ناو هۆڵەندا و چ لە دەرەوەی هۆڵەندا دەستیان لەو تاوانەدا هەیە و لەم دۆزەدا بەشدارن..

جێی خۆشیەتی ئاماژەی پێبدەم لەو دانیشتنەی ڕۆژی 11ی ئەپریل خاتوو پەریخان (شەمام) شەوقی راوێژکاری ئالبۆزی عێراق لە هۆڵەندا ئامادەی دانیشتنەکە بوو..

شایانی باسە ڕۆژی 16ی ئەپریلی 2007 دانیشتنێکی تری دادگای پیاچوونەوەی تاوانبار فرانس فان انرات دەستپێدەکاتەوە ، ئەو دانیشتنە تەرخانە بۆ پارێزەری قوربانیەکان کە سەعات 10ی سەرلەبەیانی دەست پێدەکات..

<u>تێبینی: ئەم بابەتە ڕۆژی 15ی ئەپریلی 2007 لە ژمارە 183دا بلاوبۆتەوە</u>

Dengekan

www.dengekan.com
5/30/2007